# ڕۆڵ و مەبەستی تەورات لە کتێبی پیرۆزدا و پەیوەندییەکەی لەگەڵ مەسیحییەکان

**نووسەر:** ئەلیاس توێژەر

**پێداچوونەوەکار:** نگین فخار

**کاتی بلاوکردنەوە:** مانگی حەوت، ٢٠٢٦

توێژینەوەی ئینجیلی

## پێشەکی

یەکەم پێنج بەشی کتێبی پیرۆز بە ناوی (تەورات) دانراون. لە زمانی عیبریدا وشەی تەورات (תּוֹרָה - تۆرا) بە مانای (ڕێنمایی) دێت. ئەو بەشانەش بناغەکەی پەیوەندی و پەیمانی خودایە لەگەڵ ئیسرائیل و هەروەها وەک پێشەکییەک وایە بۆ هەموو کتێبی پیرۆز. لە پەیمانی نوێشدا تەوراتی موسا زۆر جار بە وشەی (یاساکە) ئاماژەکراوە (یۆنانی – νόμος - ناماس). لەبەر ئەوە، تێگەیشتن لە تەورات و مەبەستەکەی مەرجێکی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە پەیام و خزمەتی عیسای مەسیح و باوەڕی مەسیحییەت بە گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە ئێمەی باوەڕدار لە تەورات تێ ناگەین بەگوێرەی کتێبی پیرۆزەوە، بەڵکو لێی تێ دەگەین بە گوێرەی بیرۆکەکانی کەلتوری خۆمان سەبارەت بە یاسا و نیعمەت و چۆنێتی ڕزگاربوون. ئەمە لە ئەوروپا لە سەدەی شانزەهەمدا ڕوویدا کە مارتن لوسەر و چاکسازیخوازانی پرۆتستانتەکان ئایینی جولەکەکانی دێرینیان لەگەڵ ئایینی کاسۆلیکەکانی سەردەمی خۆیان یەکسان کرد.[1] هەتا ئێستاش ئەم هەڵەیە دەکرێت. بۆ نموونە، لە کۆمەڵگەی باوەڕدارانی کورددا زۆرجار وا باوەڕ دەکرێت کە مەبەستی تەوراتی موسا لە ئایینی ئیسرائیلدا هەروەک مەبەسەتی شەریعەتە لە ئایینی ئیسلامدا.[2]

ڕاستکردنەوەی ئەم جۆرە هەڵانە شتی ئاسان نییە، چونکە پێویستی بەوەیە توێژینەوە بکەین لەسەر ڕۆڵ و ئامانجی تەورات لە کتێبی پیرۆزدا بە شێوەیەکی قووڵ و جدی. لە چیرۆکی ئیسرائیلدا، مەبەستی تەورات چیی بوو؟ لە سەردەمی عیسادا، جولەکەکان چۆن بیریان لە تەورات دەکردەوە؟ ئامانجی ئەم نووسینە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە. تێگەیشتن لە تەورات بە گوێرەی چوارچێوەی خۆیەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چەندە جیاوازە لە سیستەمەکانی تری یاسای ئایینی، وەک شەریعەتی ئیسلام. سەرەڕای ئەوە، تێگەیشتن لە تەورات وا دەکات کە باوەڕداران بە مەسیح ڕوانگەیەکی ڕاست تریان هەبێت دەربارەی پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ و فێرکارییەکانی عیسا. بۆ ئەم توێژینەوەیە، پشت بە شارەزایی چەند زانایەکی تر دەبەستم کە زۆر کاتیان تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە (بە تایبەتی ئی پی ساندەرز و پۆڵ سلۆن و جەیسۆن ستەیپڵز).

## تەورات لە پەیمانی کۆندا

شتی بەسوودە لە شاخی سینادا دەست بە لێکۆڵینەوەکەمان بکەین، ئەو شوێنەی کە یەزدان پەیمانی خۆی لەگەڵ گەلی ئیسرائیل بەستووە. ئەوانیش قبوڵیان کرد پابەند بن بە فەرز و فەرمانەکانی یەزدان کە بە ناوی تەورات زانراون. ئەم چوارچێوەی پەیماننامەیە بۆ یاساکانی ئیسرائیل زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ئامانج و ڕۆڵی تەورات. لیستی کار و مەرج نییە بۆ گەیشتن بە بەهەشت و پێوەرێکیش نییە بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاری. لە ڕاستیدا، سەرەرای ئەوەی زۆرجار بەو شێوەیە بە هەڵە باسکراوە، ئامانجی ئایینی جوولەکەکان ئەوە نەبوو وەرگرتنی خێر بە جێگەیاندنی یاسا - تەنانەت لە سەدەی یەکەمیشدا. هەروەک دکتۆر ساندەرز و

---

[1] لەبەر ئەوەی ڕیفۆرمکەرەکان دژایەتی ئایینی شایستەیی کاسۆلیکەکانیان دەکرد، بیریان وابوو کە ئایینی جولەکەکانی سەدەی یەکەمیش شایستەیی بوو (واتە ڕزگاربوون بە هەوڵدانی مرۆڤ). بڕوانە:
Martin Luther, *Commentary on the Epistle to the Galatians* (Wittenberg, 1535), ch. 2.

[2] بۆ نموونە، وەشانی کتێبی پیرۆزی کوردی سۆرانی ستاندەرد سەد و بیست جار وشەی (شەریعەت) بەکار دەهێنێت.

چەند زانایەکی دیکە ئاماژەیان پێکردووە، گەلی ئیسرائیل بانگهێشت نەکران بۆ گوێڕایەڵی تەورات وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاری، بەڵکو وەک وەڵامێکی سوپاسگوزاری وابوو بۆ ڕزگاربوون لەلایەن خودا. ئایا شتی ڕاست نییە کە یەزدان «ئیسرائیلی هەڵبژارد و خەڵکەکەی لە میسر ڕزگار کرد پێش ئەوەی تەوراتیان پێ بدات»؟[3]

پێویستە جەخت بکەینەوە لەسەر گرنگبوونی ئەم بنەمایەی یەکەمایەتیی ڕزگاربوون (واتە ڕزگاربوون پێش وەرگرتنی یاسا). لە کتێبی دەرچووندا، یەزدان بەڵێنی دا گەلی ئیسرائیل ڕزگار بکات و خۆی وەک هاوبەشی پەیمان پێشکەش بکات بۆیان زۆر پێش ئەوەی ئەوان تەورات وەر بگرن. بۆ نموونە، دەفەرموویت:[4]

> «من یەزدانم، لەژێر بارگرانی میسرییەکان دەرتاندەهێنم، لە کۆیلایەتی ئەوان فریاتان دەکەوم و بە دەستێکی بەهێز و دادپەروەرییەکی مەزن دەتانکڕمەوە. هەروەها دەتانکەم بە گەلی خۆم و دەبمە خودای ئێوە، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانی پەروەردگارتانم، ئەوەی لەژێر بارگرانی میسرییەکان دەرتاندەهێنێت.» (دەرچوون ٦:٦-٧)

دواتریش بە درێژایی گێڕانەوەی چیرۆکی سینا، یەزدان جەخت لەوە دەکاتەوە کە مەبەستی تەورات ئەوە نییە ئامرازێک بێت بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاری، بەڵکو وەڵامێکە بۆ ڕزگاربوون[5]. بۆ نموونە، خودا بە ئیسرائیل ڕادەگەیێنێت:

> «خۆتان ئەوەتان بینی کە بە میسرییەکانم کرد، ئێوەشم لەسەر باڵی هەڵۆکان هەڵگرت و ئێوەم بۆ لای خۆم هێنا. ئێستاش ئەگەر ئێوە بە تەواوی گوێم لێ بگرن و پەیمانەکەم بپارێزن، ئەوا گەنجینەیەکی تایبەت دەبن بۆ من لەنێو هەموو گەلان. هەرچەندە هەموو زەوی هی منە، بەڵام ئێوە بۆم دەبنە پاشایەتی کاهینان و نەتەوەیەکی پیرۆز.» (دەرچوون ١٩:٤-٦)

لەم دەقەدا دەبینین کە ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی ڕوو دەدات پێش ئەوەی بانگەوازکردن بۆ پابەندبوون بە فەرزەکانی تەورات. شتی ڕاستە کە پابەندبوون بە یاساکانی پەیمانەکە پاداشتێک بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام ئەو پاداشتە ڕزگاربوون نییە (بەهۆی ئەوەی پێشتر ڕزگار کران)، هەروەها پاداشتەکە چوون بۆ بەهەشتیش نییە (لەبەر ئەوەی لە هیچ شوێنێکی کتێبی پیرۆزدا ئەمە ئامانجی گەلی خودا نییە). بە جیاوازییەوە، پابەندبوون پێگەی ئەوان دەپارێزێت کە وەک گەلی پیرۆزی یەزدانن و لەگەڵیدا هاوبەشن.

بەم شێوەیە دەگەینە ئامانجی دووەمی تەورات: پاراستنی پەیمان لەگەڵ یەزدان. بۆ ئەوەی خودا بەردەوام بێت لە کۆبوونەوە لەگەڵ گەلەکەی، پێویستە شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ ئامادە بکەن و پیرۆزی بکەن. بۆیە تەورات ڕێنمایی دەدات بۆ پاراستنی پیرۆزی و پاکیی چادرەکەی پەرستن (کە دواتر بوو بە پەرستگاکە)، هەروەها بۆ پیرۆزی و پاکیی ئەو کاهینانەی کە لەناوی خزمەت دەکەن. هەر چەندە خودای میهرەبان بڕیاری دا بەبێ مەرج ئیسرائیل ڕزگار بکات، بەردەوامبوونی ئەو لە نێوانیاندا پێویستی بەوەیە کە

---

[3] E. P. Sanders, *Judaism: Practice and Belief, 63 BCE-66 CE* (Fortress, 2016), 451.

[4] زۆربەی ئاماژەکردنەکانی کتێبی پیرۆز لەم نووسینەدا لە وشانی کوردی سۆرانی ستاندەرد (KSS) هاتوونە.

[5] ئەم یەکەمایەتیی ڕزگاربوونە لە باخچەی عەدەنەوە هەبوو. لە پەیدابوون یەک تا سێ، ژیان و نیعمەتی خودا بە ئادەم و حەوا بەخشراون پێش ئەوەی هیچ فەرمانێک پێ بدرێت.

گرنگی بە تەوراتەکەی بدەن و فەرزەکانی جێبەجێ بکەن. ئەگینا خاک و پیرۆزگاکە پیس دەکرێن بە گوناە و گڵاویی ئەوان و بەهۆی ئەوە یەزدان بەجێیان دەهێڵێت.[6]

مەبەستم ئەوە نییە کە یەزدان چاوەڕێی ئەوە بوو کە هەموو ئەندامێکی ئیسرائیل بە تەواوی ڕاستودروست و بێ کەموکوڕی بێت. لە ڕاستیدا، هەموو سیستەمی یاساکانی تەورات (بەتایبەتی قوربانیدان) لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراون کە مرۆڤ گوناە دەکات. بۆیە تەورات ڕێگا و ڕێنمایی دابین دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو گوناهانە بۆ ئەوەی پەیمانەکە لە شکاندن پارێزراو بێت.[7] گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو سیستەمە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سەرپێچییەک تەنها ئەوە نییە کە تاوانبارەکە چەند کردارێکی باش ئەنجام بدات بۆ وەرگرتنی خێر و قەرەبووکردنی گوناهەکە. بە جیاوازییەوە، چارەسەرەکە ئەوەیە گوناهبارەکە پارە دەداتە هەر کەسێک کە مافی خواردراوە پاشان قوربانییەک بۆ خودا پێشکەش دەکات کە گونجاوە لەگەڵ تاوانەکە. کەواتە بۆ گەلی پیرۆزی خودا، کێشەیەکی گەورە دروست دەبێت ئەگەر بەردەوام بن لەو گوناهانەی کە چارەسەرێکیان بۆ نەنووسراوە، یاخود کە گوناە بکەن بەبێ گرنگیدان بە فەرزەکانی کەفارەت.[8]

بەم شێوازە کاتێک ئیسرائیلییەکان پەیمان و تەوراتی یەزدانیان وەرگرت، دوو هەڵبژاردەیان هەبوو: (١) پاراستنی پێگەی خۆیان وەک نەتەوەیەکی ڕزگارکراو و پیرۆز، یان (٢) یاخیبوون لە خودا و بەو شێوەیە ئامادەبوونە ژیانبەخشەکەی لەدەست بدەن. «بەهۆی ئەوە موسا فەرمووی: من ژیان و مردن، بەرەکەت و نەفرەتم لەبەردەمتان داناوە، جا ژیان هەڵبژێرن هەتا خۆتان و نەوەکانتان بژین» (دواوتار ١٩:٣٠). ئەگەر کۆمەڵگا و ڕابەرانی ئیسرائیل گرنگی بە فەرز و فەرمانەکانی تەورات بدەن، یەزدان لەگەڵیان دەژی و بەرەکەتیان پێ دەبەخشێت و دەیانپارێزێت. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر ئیسرائیلییەکان واز لە دانایی یەزدان بهێنن و ڕەتی بکەنەوە ئەرکە پەیمانییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەوە دەبێتە هۆی دوورکەوتنی خودا لە ئەوان. نەمانەوەی ئامادەبوونی خوداش دەبێتە هۆکاری چەندین کارەساتە بۆ گەلی ئیسرائیل (برسیەتی؛ داگیرکاری؛ دەرد و ناخۆشی؛ دەربەدەربوون). بە کورتی و پوختی مەبەستی تەورات ئەوەیە: خودا ئارەزووی خۆی دەربڕیوە کە نیشتەجێ بێت لە نێوان گەلە تایبەتەکەی و فەرزەکانی تەورات دابینکراون بۆ بەدی هاتنی ئەم ئارەزووە.[9]

---

[6] ئامانجی ڕێورەسمەکانی ڕۆژی کەفارەت ئەوەیە کە شوێنە پیرۆزەکە پاک بێتەوە لە گلاویی گوناهەکانی ئیسرائیل (بڕوانە لێڤییەکان ١٦:١٦). یاساکانی ڕۆژی کەفارەت لە ناوەڕاستی پێنج کتێبەکانی تەورات دانراون و کتێبی لێڤییەکان بە گشتی سەبارەت بەو ئامانجە کە یەزدان شوێنێکی پاک و پیرۆزی هەبێت بۆ نیشتەجێبوون لە نێوان گەلی ئیسرائیل. ئامانجی فەرزەکان ئەوە نییە کەسێکی ئیسرائیل بچێتە بەهەشت، بەڵکو ئامادەبوونی خودا بێتە ناو کۆمەڵی ئیسرائیل.

[7] Paul T. Sloan, *Jesus and the Law of Moses* (Baker Academic, 2025), 13.

[8] ئەو گوناهانەی کە بۆیان چارەسەرێکی قوربانی نییە لە تەوراتدا بریتین لە: کوشتن و داوێنپیسیکردن و بتپەرستی. بڕوانە: Sloan, *Jesus and the Law of Moses*, 203.

[9] بڕوانە لێڤییەکان ٣١:١٥ ؛ دەرچوون ٣٥:٤٠ ؛ سەرژمێری ١:١.

بەم شێوەیە دەگەینە بنەمایەکی گرنگی دیکەی تەورات: بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی. هەر چەندە کە پابەندبوون بە تەوراتەوە ئەرکی هەموو کەسێکی ئیسرائیلییە، تەنها لیستێکی پشکنینی کەس نییە کە باسی کرداری داواکراو و قەدەغەکراو دەکات. لە ڕاستیدا تەورات وێنەی ئەوەیە کە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و خوداپەرست چۆن دەبێت. ئیسرائیلییەکان ئەندامێتی لە گۆمەڵگەی پەیمانی خودا بەدەست ناهێنن لە ڕێگەی کارکردنی یاساکان، چونکە ئەوان پێشتر لە شاخی سینادا بوون بە ئەندامی گەلی ڕزگارکراوی خودا. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەوان دەتوانن خۆیان لە خەڵکی پیرۆز داببڕن بە ئەندجامدانی سەرپێچییەکی گەورە و بەقەست (واتە ڕەتکردنەوەی پەیمان لەگەڵ یەزدان). هەروەها، کەسانی بیانی (وەک ڕاحاب و ڕائووس) دەتوانن ببنە ئەندامی پەیمانی خودا لە ڕێگەی کردەوەیەک کە دڵسۆزیی ئەوان بۆ یەزدان دەردەبڕێت. لە ئەنجامدا، ئەم بیانییانە دەبنە ئیسرائیلی و خۆیان ملکەچ دەکەن بە یاساکانی تەورات.

ئەو سیستەمەی دەربارەی ڕزگارکردن و پەیمان بەستن و پابەند بە یاسا کە باسمان کردووە، لەلایەن دکتۆر ساندەرز بەو ناوە دیاریکراوە: پابەندبوونی پەیماننامەیی یاسا. هەر چەندە ناوەکەی نوێیە، بیر و باوەڕەکانی ئەم سیستەمە زۆر دێرینن. پابەندبوونی پەیماننامەیی یاسا ئەو سیستەمە باوەڕەیە کە هەموو چیرۆکی کتێبی پیرۆز لەسەری دامازراوە. لە هەموو مێژووی پەیمانی کۆندا، بازنەیەکی ئەم ڕووداوانە چەندین جار ڕوو دەداتەوە: (١) یاخیبوون (٢) سزادان (٣) تۆبەکردن (٤) ڕزگاربوون. ئەم بازنەیەش بەردەوامە هەتا دواجار پێشێلکردنی پەیمانەکە قەرەبوو ناکرێتەوە و ئیسرائیل ڕاپێچ دەکرێت.[10] یەکەم جار هۆزەکانی باکوور بۆ ئاشوور دەبرێن و دواتر هۆزەکانی باشوور بۆ بابل، بەڵام یەزدان لە کۆتاییدا واز لە پەیمانەکەی ناهێنێت. خودا پاشماوەیەکی ئیسرائیلییە باشوورەکان لە بابلەوە دەهێنێتەوە بۆ خاکی خۆیان. ئەوانیش بە ناوی (جولەکە یان یەهودی) ناسراون. جولەکەکان پەرستگاکە دروست دەکەنەوە و هەوڵیش دەدەن لە هەڵەکانی باوباپیرانیان فێر بن. لەباتی ئەوەی واز لە پەیمانەکە بهێنن، بە جدی پەیڕەوی تەورات دەکەن و دەیپارێزێن.

بەم شێوەیە دەگەینە سەردەمی پەرستگای دووەم.[11] هەرچەندە هۆزی یەهودا (لەگەڵ هەندێک لە هۆزی بنیامین و لێڤی) گەڕابوونەوە بۆ خاکی ئیسرائیل، ئەوە باوەڕێکی گشتگیر بوو لە نێو جولەکەکانی ئەو سەردەمە کە دەربەدەر (یان دیلبوون) هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە.[12] ڕزگاربوونێکی ڕاستەقینە تەنها پێویستی بە گەڕانەوەی جولەکەکان نییە. زیاتر لەمە پێویستی بە کۆکردنەوەی هەر دوازدە هۆزەکەیە و هەروەها دامەزراندنەوەی شانشینەکە.[13] لەم چوارچێوەی دیلبوونەدا، پابەندبوون بە تەورات ڕەچاو نەدەکرا وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە بەهەشت لە دوای مردندا. بە جیاوازییەوە، سەیر دەکرا وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی

---

[10] Cf. Jason A. Staples, *The Idea of Israel in Second Temple Judaism* (Cambridge University Press, 2021), ch. 3 & 4.

[11] ساڵی ٥١٦ پ.ز. هەتا ساڵی ٧٠ ز.

[12] دکتۆر ستەیپڵز ئەم ڕاستییە بە شێوەیەکی دروست دەسەڵمێنێت کاتێک یەک بە یەک سەیری نووسینەکانی جولەکەکان دەکات. بڕوانە: Staples, *The Idea of Israel in Second Temple Judaism*, ch. 5.

[13] ئەم بەڵێنانە بە درێژایی نووسینە پێغەمبەرییەکان دراون. بڕوانە: ئیشایا ١١ ؛ یەرمیا ٣١ حزقیێل ٣٧.

کۆمەڵگەیەکی دڵسۆز کە یەزدان دەتوانێت بۆی بگەڕێتەوە. جا فەریسییەک بێت یان کاهینێک بێت، جا ئۆرشەلیمی بێت یاخود جەلیلی بێت، زۆربەی جولەکە لە سەردەمی پەرستگای دووەمدا ئەم هیوایەیان دەخواست: کە پاراستنی پەیمان لەگەڵ یەزدان لە ڕێگەی گوێڕایەڵبوونی وردی فەرزەکانی تەورات ببێتە وەک بانگهێشتنامەیەک بۆ ئەوەی ئامادەبوونی پیرۆز و ژیانبەخشی خودا لە ناوەڕاستیاندا نیشتەجێ بێت. بەڵام لە هەمان کاتدا، دەیانزانی کە کاتی گەڕانەوەی یەزدان بڕیاری خۆی بوو.[14] سەرەڕای ئەوە، بەشێک لە بەرپرسیارێتی ئیسرائیل لە کاتی سزادا ئەوە بوو کە بە بەرگەگرتن چاوەڕێی یەزدان بکەن.[15]

## تەورات لە پەیمانی نوێدا

تێگەیشتن لە ڕۆڵی تەورات و پەیمان لە سەردەمی دووەم پەرستگادا زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە خزمەت و فێرکردنەکانی مەسیح. لە سەدەی یەکەمدا، زۆر جولەکە باوەڕیان وا بوو کە ڕۆژێک کاتە پێشبینیکراوەکە دێت، ئەو کاتەی کە خودا شانشینی ئیسرائیل دادەمەزرێنێتەوە بە دەستی مەسیحەکە (پاشایەکی دەستنیشانکراو). هەتا ئەو ڕۆژە ئەرکی ئیسرائیل ئەوە بوو کە خۆیان ئامادە بکەن لە ڕێگەی گوێڕایەڵی تەورات. لە نێوان مەزهەبە جیاوازەکانی جولوکەکان ناکۆکی هەبوو سەبارەت بە کاتی نۆژەنکردنەوەکە و هەروەها دەربارەی ڕێگەی دروستی پەیڕەوکردنی تەورات. بەڵام هەموویان هاوڕا بوون لە ڕووی ڕۆڵ و ئامانجی جێبەجێکردنی تەورات: کردەوەیەکی دڵسۆز بوو بۆ ڕێزگرتن لە پەیمانەکەیان لەگەڵ یەزدان، ئەوەی کە بەڵێنی دا بیانکڕێتەوە لە دەستی دوژمنەکانیانەوە.[16] یەحیا و عیساش بەژدار بوون لەو باوەڕە. هەردووکیان بانگەوازی بیسەرانی جولەکەکانیان دەکرد بۆ پابەندبوون بە تەورات.[17] هەر چەندە عیسا لێکدانەوەی تەوراتی خۆی پێشکەش کرد، هەرگیز بانگەشەی نەکرد بۆ وازهێنان لە تەورات. لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی ڕوون و جدی ئەم تۆمەتەی ڕەتکردەوە. بۆ نموونە، لەکاتی وتاری سەر چیا دەفەرموێت:

> «وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان نووسراوی پێغەمبەران بسڕمەوە، نەهاتووم بۆ سڕینەوەیان، بەڵکو هاتووم بۆ تەواوکردنیان. ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەتا زەوی و ئاسمان لەئارادا بێت، پیتێک یان خاڵێک لە تەورات لەناو ناچێت، هەتا هەمووی دێتە دی. بۆیە ئەوەی بچووکترینی ئەم ڕاسپاردانە بشکێنێت و خەڵکیش ئاوا فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە بچووکترین ناودەبردرێت. بەڵام ئەوەی پەیڕەویان بکات و خەڵکی فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە مەزن ناودەبردرێت. ئیتر پێتان دەڵێم: ئەگەر ڕاستودروستیتان لە مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمانەوە.» (مەتا ١٧:٥-٢٠ ؛ بڕوانە لۆقا ١٧:٦)

---

[14] تەنانەت کۆمەڵگەی قومرانیش (کە بەهۆی گەندەڵی و ساڵنامەی هەڵەی کاهینەکان پەرستگای ئۆرشەلیمیان ڕەتکردەوە) بەپێی ئەم باوەڕانە کاریان دەکرد (بڕوانە 1QS 8.1-14). تەنها یەک مەزهەبی هەبوو کە ڕەنگە ڕازی بن بە دۆخی خۆیان و چاوەڕێی سەردەمێکی نوێیان نەدەکرد بێت: سەدوقییەکان. بەڵام ئێمە ناتوانین دڵنیا بین دەربارەی ئەوان لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەکی ئێستامان نییە کە لەلایەن ئەوانەوە نووسراوە.

[15] Cf. Sloan, *Jesus and the Law of Moses*, 47.

[16] بڕوانە لۆقا ٢:٢٥-٢٦، ٣٨.

[17] بڕوانە مەتا ٣:١-٦ ؛ ٤:١٧ ؛ ٢٣:٢٣ ؛ لۆقا ٣:٧-١٤.

ئامانجی مەسیح لەناوبردنی تەورات نەبوو، هەروەها دژایەتی دینی جولەکەکانی نەدەکرد.[18] بە جیاوازییەوە، ئەو شتە کە عیسا و یەحیای لە مامۆستاکانی دیکە جیا کردەوە ئەوە بوو: بیر و باوەڕی ئەوان سەبارەت بە هاتنی کاتە پێشبینیکراوەکە.[19] ئەوان قەناعەتیان هەبوو کاتی دامەزراندنەوەی ئیسرائیل گەیشتووە. ئەمە ئەو پەیامە بوو کە بە بەردەوامی ڕایان دەگەیاند: «کاتەکە هاتووەتە دی و پاشایەتی خودا نزیک بووەتەوە. تۆبە بکەن، باوەڕ بەم مزگێنییە بهێنن» (مەرقۆس ١٥:١ ؛ بڕوانە مەتا ٢:٣). ئەم ڕاستییەش شێوازی پەیوەندیی شوێنکەوتووەکانی عیسای گۆڕی لەگەڵ تەورات. دکتۆر سلۆن ئەم دیاردەیە بە (پابەندبوونی شاهانەی یاسا) ناو دەبات کە بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: «شێوازێک لە یاساپارێزی و ڕێنمایی یاسایی کە لەژێر کاریگەری بەپەلەیی و سروشتی خزمەتی شاهانەی مەسیحدایە.»[20] عیسا فێری شوێنکەوتووەکانی دەکرد کە گوێڕایەڵی تەورات بن بە شێوەیەک کە هاتنی نزیکبوونەوەی شانشینی خودا لەبەرچاو بگرێت. ئەم بنەمایە مانای زۆرێک لە فێرکردنەکانی عیسا بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە لەکاتی مشتومڕکردن لەگەڵ مامۆستاکانی دیکەدا کردوویەتی. بریتین لە:

(١) «پێتان دەڵێم، کەسێک لێرەیە کە لە پەرستگا مەزنترە.» (مەتا ٦:١٢)
(٢) «چونکە کوڕی مرۆڤ گەورەی ڕۆژی شەممەیە.» (مەتا ٨:١٢)
(٣) «ئایا دەتوانن وا بکەن بانگهێشتکراوانی زەماوەند بەڕۆژوو بن، کاتێک زاوا لەگەڵیاندایە؟» (لۆقا ٣٤:٥)[21]
(٤) «ئێوە دەزانن ڕووی ئاسمان بخوێننەوە، بەڵام ناتوانن نیشانەکانی زەمانە لێکبدەنەوە!» (مەتا ٣:١٦)

دوای مردن و زیندووبوونەوە و بەرزبوونەوەی عیسا، شوێنکەوتووە جولەکەکانی وازیان لە تەورات نەهێنا و هەروەها وەک ئایینێکی شایستەیی ڕەخنەیان لێ نەگرت، بەڵکو ئەوان پەیڕەوی تەوراتیان دەکرد وەک ئەندامێکی شانشینی مەسیح. بەڵگە لە کتێبی کردارمان هەیە کە مەسیحییە جولەکەکان بەردەوام بوون لە پابەندبوون بە فەرزەکانی تەورات سەبارەت بە خەتەنەکردن (٣:١٦) و خۆراک (١٤:١٠) جووتبوون (٢٠:١٥) و پەرستن لە پەرستگادا (١:٣) و پاککردنەوە و قوربانیدان (٢٤:٢١-٢٦). بەدڵنیاییەوە ناکۆکی لە نێوانیان هەبوو دەربارەی یاساکانی تەورات، بەڵام تەنها دەرکەوت لەو کاتەی چەند ناجولەکەیەک باوەڕیان بە مەسیح هێنابوو و بوون بە ئەندامی کۆمەڵی باوەڕداران. ئەمە بارودۆخێکی ئاڵۆز بوو لەبەر ئەوەی بە گوێرەی پەیمانی کۆن، ئەو ناجولەکانەی کە ویستیان هەیە ببنە ئەندامی کۆمەڵە پیرۆزەکە، پێویستە خۆیان مەلکەچی کامڵی تەورات بن لە ڕێگەی خەتەنەکردن.

---

[18] هەر چەندە کە عیسا بە شێوەیەکی ڕوون گوتی «نەهاتووم بۆ سڕینەوەی [تەورات و نووسراوی پێغەمبەران]» (مەتا ١٧:٥)، هەندێک قەشە و خواناسێکی مەسیحی نووسیویانە کە ئامانجی عیسا سڕینەوەی یاساکانی تەورات بوو. بۆ نموونە، مارتن لوسەر نووسی: «دەکرێت ویژدانەکە بە دڵخۆشیەوە یاساکە [واتە تەورات] پشتگوێ بخات.» بڕوانە:
Luther, *Commentary on the Epistle to the Galatians*, ch. 3.

[19] Sloan, *Jesus and the Law of Moses*, 141.

[20] Sloan, *Jesus and the Law of Moses*, 32.

[21] تێبینی ئەوە بکە هەمووی چوارچێوەی ئەم دەقە دەربارەی ئەو ڕەفتارەی کە لەگەڵ سەردەمە نوێیەکە گونجاوە.

هەندێک لە مەسیحییەکانی سەدەی یەکەم ئەو ڕوانگەیەیان دەربڕی کە شوێنکەوتووانی ناجولەکەی عیسا پێوستە ئەو ڕێگایە کۆنە پەیڕەو بکەن تاکو بەژدار بن لە پەیمان لەگەڵ خودا - واتە خەتەنەکردن و ڕەچاوکردنی فەرزەکانی تەورات. بەڵام ڕابەرە نێردراوەکان زانییان کە لە پەیمانی نوێدا دەژیان کە لەمێژە چاوەڕوان دەکرا و لە کردار بەشی پازدە بۆمان نووسراوە کە بڕیارێکی سەرسوڕهێنەریان دا: باوەڕدارە نەتەوەییەکان پێویست ناکات خەتەنە بکرێن و هەموو تەورات پەیڕەو بکەن وەک ئەوانەی جولەکە بن. ڕاشیان گەیاند کە جگە لە یاسای عیسا بۆ خۆشویستنی خودا و خۆشویستنی دراوسێ، تەنها ئەو یاسانەی تەورات لەسەریان دانراوە: قەدەغەکردنی بتپەرستن و داوێنپیسی و خواردنی خوێن.[22] هەر وەک دکتۆر سلۆن ڕوونی کردەوە، ئەم فەرمانانە ڕاستەوخۆ لە لێڤییەکان ١٧ و ١٨ وەرگیراون و ئەمە بەشێک لە تەوراتە کە تەنها بۆ ئیسرائیلییەکان نییە، بەڵکو هەروەها بۆ «ئەو نامۆیانەی لەنێو[یان]دا» نیشتەجێیە داواکراون.[23]

پۆڵسی نێردراو زۆر کات و ڕەنجی دا بۆ بەرگریکردنی ئەم بڕیارەی کە ئەنجومەنی ئۆرشەلیم بلاوی کردەوە - واتە کە هەموو فەرز و مەرجەکانی تەورات لەسەر باوەڕدارە ناجولەکەکان نییە. شتی گرنگە کە بیری ئەوە نەکەینەوە پۆڵس بە شێوەیەکی شەخسییەوە وازی لە تەورات هێناوە یاخود کە فێری جولەکەکانی دیکەی دەکرد کە ئەوانیش بەگشتی  واز لە تەورات بهێنن. ئەمە بیرۆکەیەکی ڕاست نییە. لە ڕاستیدا پۆڵس  زۆر هەوڵی دەدا بەرگری خۆی بکات لەو تۆمەتە.[24] بە جیاوازییەوە پۆڵس بەڕێزەوە سەیری تەوراتی دەکرد بە ڕەچاوکردنی دوو چوارچێوە گرنگەکە کە پێشتر باسمان کردووە: (١) پەیمانی خودا لەگەڵ ئیسرائیل و (٢) دامەزرانی شانشینی هەتاهاتایی مەسیح.[25] پێویستە لەوە تێ بگەین کە پۆڵسی نێردراو لە نامەکانیدا دژایەتی تەوراتی نەدەکرد، بەڵکو بەرگری ئەو ڕاستییەی دەکرد کە ناجولەکەکان بوون بە ئەندامی ڕاستەقینەی شانشینی خودا و پەیمانە نوێکە بەبێ گۆڕینی ڕەگەزی خۆیان بۆ جولەکەیی لە ڕێگەی خەتەنەکردن و پابەندبوون بە هەموو فەرزەکانی تەورات.[26]

هەر چەندە لە ڕابردوودا ئەوانەی دەیانویست ببنە ئەندامی پەیمانی یەزدان دەبوو وەک جولەکەیەک خۆیان ملکەچی تەورات بکەن، لە سەردەمی مەسیحەوە خوداوەند کەسێکی هەر نەتەوەیەک وەک خۆیەتی پێشوازی دەکات. بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم ڕاستییە، پۆڵسی نێردراو یەکەماییەتی ڕزگاربوون پەیوەندی دەکات لەگەڵ چیرۆکێکی زۆر کۆن و دێرین. تەنها باسی نیعمەتی خودا بۆ گەلی ئیسرائیل لە سینادا ناکات، بەڵکو باسی نیعمەتی خودا بۆ ئیبراهیم لەو کاتەی کە خەتەنەکردن هێشتا فەرمان نەدرابوو. بە گوێرەی پۆڵس، یەزدان لە ڕێگەی پەسەندکردنی ناجولەکەکان ئەو بەڵێنەی دەهێنێتە دی کە بە ئیبراهیمی دابوو کە فەرمووی:

---

[22] بڕوانە کردار ١٩:١٥-٢١ ؛ ٢٥:٢١ ؛ گەلاتیا ١:٢-١٠.

[23] لێڤییەکان ٨:١٧، ١٠، ١٢، ١٣، ١٥ ؛ ٢٦:١٨. بڕوانە:
Sloan, *Jesus and the Law of Moses*, 224-226.

[24] بڕوانە کردار ١٧:٢١-٢٦.

[25] Cf. E. P. Sanders, *Paul and Palestinian Judaism* (Fortress Press, 2017), 543.

[26] Cf. Sloan, *Jesus and the Law of Moses*, 226-231.

«هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش لە ڕێگەی تۆوە بەرەکەتدار دەبن» (پەیدابوون ٣:١٢).[27] سەرەڕای ئەوە پۆڵس بەو شێوەیە باسی پەسەندکردنی نەتەوەکان بۆ ناو کۆمەڵی میراتگرانی خودا دەکات کە وەک «نهێنی مەسیحە» وایە و ناخی مزگێنییەکەیە (بڕوانە ئەفەسۆس ٣:٤-٩). بە گوێرەی ئەوەوە، گەر باوەڕداره ناجولەکەکان بە زۆری ببنە جولەکە، مزگێنی مەسیح لە نیعمەت و بەرەکەت بەتاڵ دەکرێتەوە.[28]

بە درێژایی نامەی گەلاتیا پۆڵس باسی ئەم بنەمایە دەکات. ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو ڕاستییە کە لە نووسینە پیرۆزەکان زۆر ڕوونە – لە سەرەتاوە تەورات سنووردار بووە لە ڕووی سوود و کاریگەرییەکانی:

(١) تەورات پێوەری پێوەرێکە بۆ ڕاستودروستی، بەڵام ناتوانێت ڕاستودروستی ببەخشێت (٢:٢١).
(٢) تەورات لە ڕۆحی پیرۆزەوە ئیلهامی وەرگرتووە، بەڵام ناتوانێت ڕۆحی پیرۆز ببەخشێت (٣:٢).
(٣) تەورات ئامرازێکە بۆ پاراستنی پەیمانی خودا و وەڵامدانەوەیەکە بۆ نیعمەتی خودا، بەڵام ئامرازێک نییە بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاربوون (٣:١٠-١٤) .
(٤) تەورات باسی شێوازی ژیانێکی چاک دەکات، بەڵام ناتوانێت ژیان ببەخشێت (٣:٢١).

هەروەها سەبارەت بە پەیوەندیی نەتەوەکان بە تەورات، پۆڵس لەگەڵ ئەنجومەنی ئۆرشەلیم هاوڕا بوو. ئەو دەیگوت کە مەسیحییەکانی نەتەوەکان پابەند نین بە جێبەجێکردنی هەموو فەرزەکانی تەورات، بەڵکو تەنها ئەوانەی کە بە فەرمانی خۆشویستنی مەسیحەوە لە خۆ گیراون، لەگەڵ ئەو قەدەغەکردنانەش کە لە لێڤییەکان ١٧ و ١٨ نووسراون (کە لە سەرەتاوە بۆ هەموو نەتەوەیەک بوون).[29] بە گوێرەی پۆڵس، باوەڕدارێکی ناجولەکە کە ئەو فەرمانانە پەیڕەو دەکات هەموو تەوراتی جێبەجێ کردووە.[30]

## دەرئەنجام

بەپێی پەیمانی کۆنی عیبری، تەورات وەک ئامڕازێک وایە بۆ ئیسرائیلییەکان تاکو لە ڕێگەی گوێڕایەڵییەوە ئەوان سوپاسی یەزدان بکەن بۆ نیعمەت و ڕزگارییەکەی و بەم شێوەیە پەیمانی خودا بپارێزن. بەڵام بەداخەوە کە لە ڕێگەی یاخیبوون و سەرپێچکردنی تەورات، ئەوان ئامادەبوون و بەرەکەتی خودایان لەدەست دا. جولەکەکان لە سەردەمی پەرستگای دووەمدا هیوادار بوون کە گوێڕایەڵی خۆیان بۆ فەرزەکانی تەورات ببێتە وەک بانگهێشتکردنێک بۆ گەڕانەوەی یەزدان. ئەو جولەکانەی کە باوەڕیان

---

[27] بڕوانە گەلاتیا ٣:٦-٩، ١٦-١٨.

[28] بڕوانە گەلاتیا ١:٧ ؛ ٢:٢١ ؛ ٤:٩ ؛ ٥:٣-٤.

[29] بۆ نموونە، لە چەندین شوێنێکدا پۆڵس فەرمانێکی قەدەغەیی دەدات سەبارەت بە داوێنپیسی (یەکەم کۆرنسۆس ٦:١٨ ؛ گەلاتیا ٥:١٩ ؛ ئەفەسۆس ٥:٣ ؛ یەکەم سالۆنیکی ٤:٣) و بتپەرستی (یەکەم کۆرنسۆس ١٠:١٤ ؛ گەلاتیا ٥:٢٠ ؛ کۆلۆسی ٣:٥). پۆڵس لە نامەکانیدا ئاماژەی خواردنی خوێن ناکات، ڕەنگە لەبەر ئەوەی بەتاڵکردنی خوێنی گۆشت لە کەلتوری یۆنانی و ڕۆمانیدا کارێکی ستاندەرد بووە و بەهۆی ئەوە هەرگیز نەبووە بە کێشەیەک لە ناو کڵێساکانی سەدەی یەکەم.

[30] بڕوانە ڕۆما ١٣:٨-١٠.

بە عیسا هێنا زانییان کە گەڕانەوەی یەزدان و دامەزراندنەوەی شانشینەکە لە ڕێگەی عیساوە هاتوونە دی. ئەوانیش بەردەوام بوون لە پەیڕەوکردنی تەورات بەڵام وایان دەکرد بە شێوازێک کە خزمەت و شانشینی مەسیح لەبەر چاو دەگرێت. بۆ ئەوان، نۆژەنکردنەوەیە بەڵێنپێکراوەکە لە جەستەی مەسیح دەستی پێکردووە. هەر چەندە باوەڕدارە ناجولەکەکانیش پابەند بوون بە فەرمانەکانی عیسا، هەموو فەرزەکانی تەوراتیان جێبەجێ نەدەکرد، بەڵکو تەنها ئەوانەی کە بۆ هەموو گەلێک داواکراون. بۆیە، بۆ جولەکەکان و هەم بۆ نەتەوەکان، تەورات وەک دەستکردێکی ئایینێکی شایستەیی وازی لێ نەهێنرا. بە جیاوازییەوە، ڕێز لە تەوراتیان گرت و گرنگیان پێ دا وەک سەرچاوەی پەیمانی خودا لەگەڵ گەلەکەی - ئەو پەیمانە کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە نوێ و تەواو و زیندوو بووەتەوە.

## سەرچاوەکانی توێژینەوەکردن

Luther, Martin. *Commentary on the Epistle to the Galatians*. Translated by Theodore Graebner. Wittenberg, 1535. Reprint, Zondervan, 1949.

Sanders, E. P. *Judaism: Practice and Belief, 63 BCE-66 CE*. Fortress, 2016.

Sanders, E. P. *Paul and Palestinian Judaism*. 40th Anniversary Ed. Fortress Press, 2017.

Sloan, Paul T. *Jesus and the Law of Moses: The Gospels and the Restoration of Israel within First-Century Judaism*. Baker Academic, 2025.

Staples, Jason A. *The Idea of Israel in Second Temple Judaism: A New Theory of People, Exile, and Israelite Identity*. Cambridge University Press, 2021.